# زمانی کوردی و چەند نیگەرانییەک، زاراوەکان

**فەهمی کاکەیی**
fahmikakaee@yahoo.se

جیاکردنەوەی زاراوە و زمان لە یەکدی کارێکی هێندە ئاسان نییە، بۆیە دەبینین ئەمڕۆکە (بە پێی قسەی زمانزانان) نزیکەی 4 تا 7 هەزار زمان لە دونیادا هەیە کە دابەش کراون بەسەر نزیکەی دوو سەد وڵاتدا، واتە تێکڕا هەر وەڵاتێک لە 30 زمان زیاتری بەردەکەوێت. زۆر جار دەگوترێت زاراوەکانی زمانێک شێوەی جودای ئاخاوتنی ئەو زمانەن، بۆ ئەوەی بڵێین کە دوو زاراوە سەر بە زمانێکن پێویستە دوو کەسی زاراوەجیاوازی هەمان زمان لە یەکتر تێبگەن، بەڵام ئەمە هەمیشە وا نییە، بەڵکوو جاری وا هەیە جیاوازی نێوان دوو زمان کەمترە لە جیاوازی نێوان دوو زاراوەی زمانێک. پرۆژەی زاراوەکانی سوێد کە بە سەرپەرشتیی سێ زانکۆی بەناوبانگی سوێد (لوند، ستوکهولم، ئومیۆ) کراوە 100 زاراوەی سوێدیی تۆمار کردووە کە زۆر جار جیاوازیی نێوان ئەو زاراوانە لە جیاوازیی نێوان زمانی سوێدی و نۆروێژی زیاترە.(1) بەڵام لەگەل ئەوەشدا ئەو زاراوانە سەر بە زمانی سوێدین و نورویژی زمانێکی سەربەخۆیە. (لە کۆندا زمانەکانی سوێدی و دانمارکی و نۆروێژی و ئیسلاندی و فیری یەک زمان بوون).

ئەوەی سەرەوە بۆ ئێمەی کوردیش هەروایە، مەبەست ئەوەیە کە لێکتێگەیشتنی هەورامیئاخێو و کرمانجیئاخێوێک کارێکی ئاسان نییە، بەڵام هەردوو زاراوە سەر بە زمانی کوردین و جیاوازیی نێوانیان نابێتە هۆی ئەوەی هەریەکەیان بە زمانێک بژمێردرێن.

زاراوەکانی زمانی کوردی هەر لە کۆنەوە و هەر هەموویان زمانی ئەدەب بوون، ئەگەرچی ڕەنگە لە کۆندا شاکاری ئەدەبیی بەناوبانگ بە هەموو زاراوەکان نەنووسرابێت، بەڵام هەڵەبەستیان پێ هۆنراوەتەوە، ئەو شاکار و هەڵبەستانە هەندێکیان بە نووسین گەیشتوونە دەستمان و هەندێکیان بە لەبەرکراوی. هەوڵ دەدین نموونەی هەڵبەستی زاراوە گەورەکان لە سەردەمانی جودادا بخەینە بەر چاوی خوێنەران، بۆیە دەگەڕێینەوە نزیکەی هەزار ساڵێک بەر لە ئێستا:

بە لوڕی:
باوە تاهیری هەمەدانی مەرەمۆ (دەفەرموێ):

**غمم غم بی و غمخوار دلم غم**
**غمم هم مونس و هم یار و همدم**
**غمم نهله کە مو تنها نشینم**
**مریزا بارک الله مرحبا غم** (2)
(دەستکاریی ڕێنووس نەکراوە)

چوارینەکە بە کرمانجیی خواروو (سۆرانی):
**خەمم خەم بوو، خەمخۆری دڵیشم خەم**
**خەمم هەم هۆگر و هەم یار و هاودەم**
**خەمم نەیهێشت کە من تەنیا دانیشم**

**دەستخۆش و بەرەکەڵڵا ئافەرین خەم**

**(ئەم چوارینەیە ودێڕە هەڵبەستەکانی دیکەش لە لایەن نووسەرەوە کراوەنەتە کرمانجیی خوارووو)**

**بە هەورامی:**
**لزا خانمی جاف مەرەمۆ:**

**وەفران بی وە ئاو، وەفران بی وە ئاو**
**وەهار چون ئاما وەفران بی وە ئاو**
**گوڵ و وەنەوشە هۆرێزان جە خاو**
**پەرێ ئارایش دەشت و کۆف و کاو(3)**

بە کرمانجیی خوارووو:
**بەفران بوون بە ئاو، بەفران بوون بە ئاو**
**هەر کە بەهار هات بەفران بوون بە ئاو**
**گوڵ و وەنەوشە هەڵستان لە خاو**
**بۆ ئارایشی دەشت و کێو و کاو**
کاو: شاخی بەردین، چیا

بە کرمانجیی سەروو:
مەلای جزیری دەفەرموێ:
**شۆخ و شەنگێ، زوهرەرەنگێ**
**دل ژ من بر، دل ژ من**
**ئاورێن هەیبەت پلنگێ**
**دل ژ من بر، دل ژ من(4)**

بە کرمانجیی خوارووو:
**شۆخ و شەنگێ، زوهرەڕەنگێ**
**دڵی بردم، دڵی برد**
**ئاوڕی هەیبەت پڵنگێ**
**دڵی بردم، دڵی برد**

هەندێ کەس دەڵێن تەمەنی ئەدەبی کوردی بە زاراوەی کرمانجیی خوارووو کورتە و ڕەنگە پێیان وا بێت لە (نالی)یەوە دەست پێ دەکات، بەڵام ئەمە وا نییە، ئەوەتا یەکێک لە پیاوچاکانی یارسان بە ناوی پیر ئەحمەدی کەرکووکی کە لە سەدەی شەشەمی کۆچیدا ژیاوە دەفەرموێ:

**ئەز ئەحمەدی زێڕینبەرم**
**ئەز ئەو دوڕی ناو گەوهەرم**

**ئەرز و سەمایە لەنگەرم**
**لە ڕۆژ حەساو ئەز لە دەرم(5)**

بە هەمان شێوە ئەدەبییاتی کرمانجیی سەروو بە ئەحمەدی خانی و مەلای جزیری دەست پێ ناکات، بگرە تەمەنی ئەو ئەدەبییاتەش زۆر لەوە کۆنترە و دەتوانین هیچ نەبێت بیگەڕێنینەوە بۆ پەیدا بوونی ئایینی ئێزیدی بەم شێوەیەی کە ئێستا هەیە، کەواتە بۆ دەورانی شێخ ئادی.

مەبەست لەو پێشەکییە ئەوەیە کە گشت زاراوە کوردییەکان چ لە کۆندا و چ ئێستا وەک زمانی ئەدەب بەکارهێنراون، ئەگەر زیاتر لەسەر ئەم مەسەلەیە بڕۆین و مەبەست بێت بە لامانەوە کۆنترێنیان وەک زمانی ئەدەب دەستنیشان بکەین، ئەوە کۆنترین دەق تا ئێستا لەبەر دەستدا بێت بە زاراوەی هەورامییە:

**هورمزگان ڕمان، ئاتران کوژان**
**ویشان شاردەوە گەورەی گەورەکان**
**زۆرکار ئارەب کردنە خاپوور**
**گنای پالەیی هەتا شارەزوور**
**ژن و کەنیکان وە دیل بەشینا**
**مێرد ئازا تلی وە ڕووی هوێنا**
**ڕەوشت زەردەشترە مانوە بێ کەس**
**بەزیکا نێکا هورمز وە هیوچ کەس(6)**

ئەگەر خەڵکێک هەبێت ئەو دەقەی سەرەوە بخەنە خانەی گومانەوە، ئەوە شیعرە ئایینیەکانی بالوولی دانا و هاوڕێکانی، پاشان شاخۆشین و هاوڕێکانی سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە زاراوەی هەورامی زمانی ئەدەب بووە هەر لە سەرەتای پایدا بوونی ئیسلام و تا دەگاتە مەولوی، بگرە تا ئەمڕۆش ئەو زاراوەیە ئەدەبییاتی پێ دەنووسرێتەوە.

ئەمە ئەوە دەگەیەنیت کە زاراوەیەک بە تەنێ چ لە کۆندا و چ ئەمڕۆ لەسەرتاسەری کوردستان وەک زمانی ستاندارد بەکار نەهاتووە و لە ماوەیەکی نزیکیشدا ئەوە ناکرێت، ئەویش لەبەر چەند هۆیەک، لەوانە: بۆ ئەوەی زمانێکی ستاندارمان هەبێت پێویستە قەوارەیەکی سیاسیمان هەبێت، ئەو قەوارەیە زمانە ستانداردەکە بە زمانی ڕەسمیی دەسەڵاتی بناسێت، هەروەها بە زمانی ڕاگەیاندن و زمانی خوێندن. ئەمڕۆکە ئەو قەوارە سیاسییەمان نییە کە تەواوی کوردستانی لە ژێر دەستدا بێت، ئەمڕۆکە زمانی کوردی لە باکووری کوردستان قەدەغەیە، هەروەها جگە لە باشووری کوردستان لە پارچەکانی دیکە خوێندن بە زمانی کوردی بۆ ڕۆژی ئەمڕۆ وەک خەون وایە، هەر بۆیە باسکردن لە زمانی یەکگرتوو بۆ سەرتاسەری کوردستان هیچ واقعییەتێکی تێدا نییە. ئێمە ئەگەر بمانەوێت سەر لە خۆمان نەشێوێنین و واقعبین بین، دەتوانین بڵێین ئەمڕۆ تەنێ لە باشووری کوردستان بارێکی ڕەخساو هەیە بۆ زمانێکی ستاندارد و پێویستە لەوێوە دەست پێ بکەین، هەر کاتێک کوردستانی گەورە دابمەزرێت هەنگین کاتی ئەوە دێت باسی لە یەک زمان یان دوو زمانی ستاندارد بکرێت (یان زیاتر).

پێویست ناکات بە دوور و درێژەی بە مێژووی خویندنی زمانی کوردی لەم بەشەدا بچینەوە، ئەوەی گرنگە باسی لێوە بکرێت ئەوەیە تا ساڵی 1975 یش خوێندن لەم بەشەدا بە کرمانجیی خواروو بووە،

تاکوو کەسێک بە ناوی هاشم عقراوی کە پیاوی حکوومەتی سەددام بوو، هەرەسهێنانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوولی بە هەل زانی و هەندێ خەڵکی سادەی هەرێمی بادینانی هان دا بۆ ئەوەی واز لە خوێندنی کوردی بێنن و بە زمانی عەرەبی بخوێنن، بەڵام ئەو پیلانەی هاشم عقروای لەگەڵ ئەو داوایەی ئەمڕۆکە لەو ناوچەیە دەکرێت جودایە، خەڵکی ناوچەکە بە زمانی ڕۆشنبیرانیان و یەکێتیی نووسەرانیانەوە دەیانەوێت بە زاراوەی کرمانجیی باکوور بخوێنن، ئەمەیان پێویستە باسی لێوە بکرێت و پەرەدەی لەسەر هەڵماڵرێت.

ڕەنگە ئاسایی بووایە ئەگەر ئەو کەسانە داوایان بکردایە هەموو باشوور بە کرمانجیی باکوور بیخوێندایە، چونکە لە هیچ شوێنێکی دونیادا و لە سێبەری یەک دەسەڵاتدا دوو زاراوە بە زمانی ڕەسمی ناناسرێن، بەڵێ وڵاتی وا هەیە چەندێن زمانی ڕەسمیی تێدایە، بەڵام زمان نەک زاراوە. بە ڕەسمی ناسینی دوو زاراوە دەکاتە دانپێدانانێکی ئاشکرا کە ئەو دوو زاراوەیە سەر بە هەمان زمان نین و هەریەکەیان بۆ خۆی زمانێکە.

لە باشووری کوردستاندا هەوڵی زۆر دراوە لە بەرنامەکانی خوێندندا بە تایبەتی بابەتی زمانی کوردی ئەو دوو زاراوەیە لەیەک نزیک بکرێنەوە، بەڵام چونکە ئەو هەوڵانە بنەمای زانستییان نەبووە بە ئاکام نەگەیشتوون، یەکێک لەو هەوڵانە تێکەڵکردنی زاراوەکان، بۆ نموونە ڕستەیەک بە کرمانجیی خواروو، یەکێک بە کرمانجیی سەروو (بادینی)، تەماشای ئەم نووسینە بکەن:

**<u>دەگێڕنەوە جوامێر پیاوەکی بە تەمەن و دونیا دیتە بوو</u>، ڕۆژەکی بەهارێ دگەڵ چەند هەڤالێن خۆ چوونە ئاقاری، ل بن دارهەنارێک روونیشتن، <u>ناوچەکە بە گوڵ و نێرگز و شەوبۆ داپۆشرابو، قاسپەی کەو، دەنگێ سویسکە و باڵندەکانی تر لەگەڵ خوڕەی ئاوی قەد پاڵی چیا تێکەڵ بەیەکتر دەبوون</u>، دلێ وان ب ڤی دیمەنی گەلەک خۆش بوو...(7)**

(دەسکاریی ڕێنووسی ئەو نووسینەم نەکردووە)

یان کۆپلەیەک بە کرمانجیی باکوور و یەکێک بە کرمانجیی باشوور، یان وانەیەک بە کرمانجیی باشوور و یەکێک بە کرمانجیی باکوور، هەر وەک گۆڤاری (بەربانگ) کە گۆڤاری فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکانی سوێدە، لە دەستی ڕاستەوە بە کرمانجیی باشوور دەست پێ دەکای و لە دەستی چەپەوە بە کرمانجیی باکوور، خوێنەرانی ئەو دوو زاراوەیە لە نیوەی گۆڤارەکە دەگەنە یەک و پاشان خواحافیزی دەکەن، کەسیان ناپەڕیتەوە ئەو دیو (ماوەیەکە ئاگام لە گۆڤارەکە نەماوە)

ئەمەی خوارەوە کتێبێکە بە ناوێ(گوڵزار) کە 50% بە کرمانجیی سەرووە و 50% بە کرمانجیی خواروو.




من دڵنیام کتێبی لەم بابەتە تەنیا نیوەی دەگوترێتەوە، واتە ئەو نیوەیەی کە بە زاراوەی منداڵانی ناوچەکە نووسراوە.

لەگەڵ ئەوەشدا هیچێک لەم هەوڵانە سەری نەگرت، پاشان کتێبی خوێندنگە بە هەردوو زاراوە چاپ کران، نموونەی چەند کتێبێک بە زاراوەی بادینانی:







هەریما کوردستانێ- عیراق
وەزارەتا پەروەردێ
خواندنا ب مفا
بۆ پۆلا چارێ سەرەتایی


وەزارەتا پەروەردێ
خواندنا کوردی
بۆ پۆلا سێێ سەرەتایی


هەرێما کوردستانا عیراقێ
وەزارەتا پەروەردێ
خواندنا کوردی
بۆ پۆلا شەشێ سەرەتایی


هەریما کوردستانێ - عیراق
وەزارەتا پەروەردێ
خواندنا کوردی
پۆلا پێنجێ سەرەتایی


هەرێما کوردستانێ - عیراق
وەزارەتا پەروەردێ
پەروەردا نیشتمانی
بۆ پۆلا
چارێ سەرەتایی


هەرێما کوردستانا عیراقێ
وەزارەتا پەروەردێ
بیرکاری
بۆ پۆلا ئێکێ یا سەرەتایی


هەرێما کوردستانا عیراقێ
وەزارەتا پەروەردێ
بابەتێن کومەلایەتی
پۆلا چارێ سەرەتایی


هەرێما کوردستانا عیراقێ
وەزارەتا پەروەردێ
زانستەکان
بۆ پۆلا سێ یا سەرەتایی







کەواتە ئەو هەرایەی بەرپا کراوە گوایە کرمانجیی خواروو (سۆرانی) بە داری زۆر بەسەر هەموو باشووری کوردستاندا سەپێنراوە لە ڕاستییەوە دوورە و منداڵانی کورد لەم بەشەی کوردستاندا بە دوو زاراوە دەخوێنن، بەڵام کێ ئەم بڕیارەی داوە و چۆن ژێراوژێر چەند ساڵێکە پیادە دەکرێت دەهێڵمەوە بۆ کەسانێک کە زانیارییان هەیە وڵام بدەنەوە.

من وەک تاکێکی کورد گوتوومە و دەڵێم خوێندنی دوو زاراوە دەبێتە هۆی پەیدابوونی دوو زمان و درزێکی گەورە دەخاتە نێو یەکێتیی نەتەوەیی کوردەوە و ئۆباڵی ئەمەش دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کاربەدەستانەی ئەم بڕیارەیان داوە و بەرامبەر مێژوو بەرپرسیارن. دەمەوێت لێرەدا جەخت لەسەر ئەوە بکەم کە دەڵێم یەک زاراوە، مەبەستم هەر و هەر کرمانجیی خواروو(سۆرانی) نییە ، بۆ من زۆر ئاساییە زاراوەی هەورامی یان کرمانجیی سەروو بکرێتە زمانی ستاندارد بە مەرجی بۆمی بسەلمێنن بۆچی کرمانجیی خواروو وەک زمانی ستاندارد بە کەڵک نایەت .

دوای ئەوەی بۆمان ڕوون بووەوە کە ئەمڕۆکە دوو زاراوەی خوێندن هەیە پرسیارێکی دیکە دێتە گۆڕێ، هەروەک ئەوەی منداڵانی بادینان بۆیان هەیە بە زاراوەی بادینی بخوێنن ئەی بۆچی منداڵانی هەورامان و هەموو ئەوانەی بە زاراوەکانی گۆران قسان دەکەن ئەوانیش بە هەورامی نەخوێنن، ئایا بۆچی منداڵانی فەیلی بە لوڕی نەخوێنن، ئەی بۆچی منداڵانی خانەقین و دەوروبەری بە کەلهوڕی نەخوێنن؟ خۆ ئەمڕۆکە لە کارگوزارییەکانی تەرجەمە لە سوێد زمانی کوردی سڕاوەتەوە، لە جیاتی ئەوە ئەم زاراوانە وەک زمان ناودەبرێن: کرمانجی، بادینانی، سۆرانی، زازاکی، فەیلی، هەورامی (تێبینی بکەن کە بادینانی و کرمانجی ـ بۆتانی ـ جیاوازییان زۆرە و قسەکەرانی بە باشی لە یەک تێناگەن)، من تا ڕادەیەک لەو کەسانە تێ دەگەم کە داوای موتەرجمی زاراوەی زکماک دەکەن، لەبەر ئەوەی گرنگە تەرجەمەکە بە

دروستی بکرێت، بەڵام دەمەوێت دیسان جەخت لەسەر ئەوەی بکەم ئەگەر لە باشوری کوردستان بە یەک زاراوە نەخوێنرێت ئەوە لە داهاتوودا حاڵمان وەک حاڵی کارگوزارییەکانی تەرجەمەی سوێدی لێ دێت.

سوێد
2007/9/1

**سەرچاوە و پەراوێزەکان:**


(1) http://swedia.ling.gu.se/

(2) باوە تاهیری هەمەدانی (935 ـ 1010) زایینی ، بڕوانە دیوان بابا طاهر عریان، از روی نسخەء تصحیح شدە، دانشمند شهیر وحید دستگردی، مؤسسە مطبوعات امیر کبیر، تهران 1333

(3) لزا خانمی جاف (سەدەی پێنجەمی کۆچی) یەکێکە لە یارانی شاخۆشینی لوڕستانی کە ئەمیشیان لە دامەزرێنەرانی ئایینی یارسانە، مێژووی ویژەی کوردی (1) نووسراوی سدیق بۆرەکەیی، إنتشارات ناجی ـ بانە، کوردستان

(4) http://www.amidakurd.com/modules.php?name=Niviskar&op=viewarticle&artid=583

(5) پیر ئەحمەدی کەرکووکی یەکێکە لە پیوچاکانی یارستان و لە سەدەی شەشەمی کۆچی ژیاوە، بڕوانە: مێژووی ویژەی کوردی (1) نووسراوی سدیق بۆرەکەیی، إنتشارات ناجی ـ بانە، کوردستان

(6) مێژووی ئەدەبی کوردی، علاءالدین سجادی، چاپجانەی معارف، بەغدا 1952

(7) زمان و ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی سێیەمی ناوەندی، هەرێمی کوردستانی عێراق، وەزارەتی پەروەردە ساڵی 2002